بووه، هەست دەكات چیتر دڵی لیٚ نادات، لەخۆی وورد دەبیٚتەوە، بڕوا بەخۆی دیٚنیٚت كەتووشی ئیفلیج بوون هاتووە، بەزەحمەت دەستەكانی دەجولیٚنیٚت، ناتوانیٚ هەناسە وەرگریٚت، هەردوو دەستی بۆ قورگی خۆی دەبات، بەشیٚوەیەك كە دەیەویٚ نۆتە مۆسیقیەكەی بیر بكەویٚتەوە، جەستەی تەواو شل دەبیٚت و دەكەویٚتە سەر زەوی، ئیٚستا نۆتە مۆسیقیەكەی بیر كەوتۆتەوە، هەرچۆنیٚك بیٚت خۆی دەگەیەنیٚتە بەردەم پیانۆكە بۆ ژەنینی نۆتە مۆسیقیەكەی، پەنجەكانی بە پیانۆكەوە ووشك دەبن، ئەو ئیٚستا جەستەیەكی بیٚگیانە، براكانی بەكۆمەڵە دەمامكیٚكەوە دەست بەجولە دەكەن، یوسف لەخەوەكەی بەئاگا هاتۆتەوە، یەكیٚكیان بەقاچ پیانۆكەی دەژەنیٚت، ئەوانیتر بە خامیٚكی سپیەوە بەدەوری یوسفدا دیٚن، خامەكە سرووتی هەوڵی كوشتنی یوسفی تیا دەگیٚردریٚت، ئەو برایەی لەسەر پیانۆكەیە لچكیٚكی خامەكەی گرتووە، یوسف و براكان لەژیٚر خامە سپیەكە لەململانیٚیەكی ئەفسوناوی دان، لەوە دەچیٚت یوسف بخنكیٚنن، یوسف چەند جاریٚك دەیەویٚ لەخامەكە بیٚتە دەرەوە، براكان ڕیٚگای نادەن، ئەو كاتەی ڕیٚگای دەدەن لەخامەكە دەرچیٚت، كراسەكەی بەریان داكەندووە، گویٚمان لە مارشیٚك دەبیٚت، هەموو لەشویٚنی خۆیان دەوەستن، دەنگی حەرەم سەرا و پیٚڵاوە پاژنە بەرزەكانی زولیٚخا دیٚت، براكان كاتیٚ دەیانەویٚ لەژیٚرخامەكە بیٚنە دەرەوە دەمامكیان لەسەرە، چوار كەس لەژیٚر عەرشیٚكی لەحەسیر درووست كراودان، عەرشەكە زولیٚخای لەسەرە، براكان وەك ڕیٚز لیٚنان لەزولیٚخا دەمامكەكانیان دادەگرن و كرنۆشی بۆ دەبەن، زولیٚخا بەو ئاپۆرەیەدا تیٚدەپەڕیٚت، فەرمان دەردەكات بۆ خەلاٚت كردنی براكان، ئەوان بەخۆشحاڵیەوە لەشویٚنەكەی خۆیان بەرز دەبنەوە و شویٚنەكە بەجیٚدیٚلن، كراسەكەی یوسف لەگەڵ خۆیان دەبەن. زولیٚخا فەرمان دەردەكات دەست و پیٚوەندەكان بچنە دەرەوە، یوسف شەرم لەڕووتی خۆی دەكات، زولیٚخابەنیگایەكی سەیر لیٚی وورد دەبیٚتەوە، یوسف دەیەویٚ لەڕیٚگەی پەنجەكانی سنگی خۆی داپۆشیٚ، زولیٚخا لیٚی دەچیٚتە پیٚشەوە، ئەویش دەگەڕیٚتەوە دواوە، تەواوی ئەو شویٚنەی بەدوا دەكات، یوسف قاچەكانی تیٚك دەئاڵیٚت و دەكەویٚت سەر زەوی، زولیٚخا لەڕیٚگەی سەماكردنەوە دەیەویٚ سەرنجی ڕابكیٚشیٚت، شیٚوەی سەماكردنەكەی زیاتر لەسەمای كیژە ئیسپانیەكان دەكات، تاتەواو شەكەت دەبیٚت، دەستی بۆ یوسف دریٚژ دەكات، بۆئەوەی سەمای لەگەڵ بكات، بەلاٚم هەوڵەكەوی بیٚسوودە، تادواجار لەپاڵیا دادەنیشیٚ، بەیارمەتی جەستەی خۆی هەڵی دەستیٚنیٚتەوە، لەشیٚوەی جولەی بازنەیی دەسوڕیٚنەوە، یوسف

